# ئایا ڕوقیه کردن - به قورئان وذیکری مه‌شروع - پێچه‌وانه‌ى ته‌وه‌کوله؟

## هل الرقية تنافي التوكل

< كوردي >

شێخ محمد کوڕى صالح کوڕى عوثه‌یمین (ڕه‌حمه‌تى خواى لێ بێت)

الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين (رحمه الله )

وه‌رگێرانى : ده‌سته‌ى به‌شى کوردى ماڵپه‌رى ئیسلام هاوس

پێداچونه‌وه‌ى: پشتیوان سابیر عه‌زیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا ڕوقیە کردن - بە قورئان وذیکری مەشروع - پێچەوانەی تەوەکولە؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد کوڕی صالح کوڕی عوثەیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کراوە:

**پرسیار** : ئایا ڕوقیە کردن – مەبەست پێی بە قورئانی پیرۆز وئەو ذیکر و وویردانەیە لە سوننەتدا هاتوون – پێچەوانەی تەوەکول و پشت بەستنە بە خوای گەورە ؟

**وەڵام** : مەبەست لە تەوەکول ئەوەیە تەواو پشت وپەنا و ئیعتمادت بەڕاستی بەخوا بێت لە بەدەستهێنانی سوود وقازانج ودوور خستنەوەی زەرەر وزیان، لەگەڵ گرتنە بەری ئەو هۆکارانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، تەوەکول ئەوە نیە کە پشت بەخوای گەورە ببەستیت بەبێ ئەوەی گرتنە بەری هۆکارەکان، چونکە پشت بەستن بەخوای گەورە بەبێ گرتنە بەری هۆکارەکان خۆی لەخۆیدا تانەدانە لە پەروەردگار و حیکمەتەکانی، چونکە خوای گەورە کارەکانی بەستوەتەوە بە هۆکارەکانیانەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە :ئایا کێیە ئەو کەسەی کە زیاتر تەوەکول و پشت وپەنای بەخوایە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەهەموو کەس زیاتر تەوەکول و پشت وپەنای بەخوا بەستووە، بەڵام ئایا ئەو هۆکارەکانی دەگرتە بەر بۆ خۆپاراستن لە زەرە روزیانەکان ؟ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك بچوایە بۆ جەنگ وجیهاد کردن زرێکەی دەپۆشی بۆ ئەوەی خۆی پێی بپارێزێت لەو تیر و ڕمانەی کە ئاڕاستەی دەکران، لە غەزوەی ئوحوددابەدوو زرێوە دەرکەوت، واتا : دوو زرێی لەبەر کرد بوو ئەویش لە پێناو خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە .

بۆیە گرتنە بەری هۆکارەکان بەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی تەوەکول و پشت وپەنا بەخوا بەستن نیە، ئەگەر مرۆڤ باوەڕی وابێت ئەو هۆکارانە تەنها هۆکارێکن و بەبێ یارمەتی و ئیزنی خوای گەورە هیچ کاریگەریەکیان نابێت، هەر بۆیە ئەگەر مرۆڤ ڕوقیەی لەسەر خۆی خوێند بە قورئان و ذیکرە مەشروعەکان یان لەسەر برایەکی نەخۆشی تری خوێند پێچەوانەی تەوەکول و پشت بەخوا بەستن نییە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕوقیەی خۆی بە خوێندنی ( قل أعوذ برب الناس ) و ( قل أعوذ برب الفلق ) دەکرد، وە ثابت

وجێگیریش بووە، کاتێك هاوەڵان نەخۆش بکەوتنایە ڕوقیەشی بەسەر ئەواندا دەخوێند ،،، خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : فتاوى العلاج بالقرآن والسنة، الرقى وما يتعلق بها, الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين, لاپەڕە 15 .